# کەربەدەست و کاربەدەست

**نووسینی**: **حەمەفەریق حەسەن**
hemefarik@yahoo.dk

برادەرە نوژدارەکەی (سوید)م پسپۆری نەشتەرگەریی دڵە. ماوەیەکە هەوای گەڕانەوە لەکەڵلەی داوەو ڕۆژانە تەلەفوون بۆ کوردستان دەکات. جا چونکە خۆشم خەون بەگەڕانەوەوە دەبینم، هەرزوو پیرۆزباییم لێکرد. لەم ماوەیەدا لێم پرسی:

(( بەڵێنیکام نەخۆشخانەی هەولێریان پێداوی؟))

نوژدار: ((هیچ کامیان!))

وتم: (( دیارە لە دهۆک دامەزراوی؟))

نوژدار: (( هەرگیز!))

وتم: (( کەواتە بەخشکەیی بوویت بەیەکێتی و نیازی نەخۆشخانەکانی سلێمانیت هەیە؟!))

نوژدار: (( شتی وا لەئارادا نییە!))

وتم: (( ناشێ نیازی باشووری عێراقت هەبێ؟!))

نوژدار: (( نەخۆشخانەی چی و باشووری چی و حاڵی چێ؟.. خۆ شێت نەبووم بچمەوە نوژداری بکەم؟!))

وتم: (( بۆچی نوژداری چ خەوشێکی تێدایە؟ دیارە بەڵێنیان پێداوی بتکەنە کاربەدەست!!))

نوژدار: (( نزیکت کردۆتەوە.. پیشەیەکم هەڵبژاردوە، یەک پیتی لەگەڵ کاربەدەستدا جیاوازە. وەکو تر هەردوو پۆستەکە لەیەک ئاستدان!!))

وتم: (( تەقەی سەرم دێ، دەکرێ نەختێ ڕوونی بکەیتەوە؟!))

وتی: ((چونکە لەزمانی بازاڕ ناحاڵین ؛ نووسەرم نەبیستووە دەوڵەمەند بێ! من چۆن بەپۆستی نوژداری قایل دەبم لەکاتێکدا مووچەی نوژدارێک 204 هەزار دینارە و مووچەی کەرێک لەئاکرێ 225 هەزارە؟ ئاخر نوژدارێکی تازە تەعین، دوای دوو تەرفیع و عەلاوەیەک ئەوجا دەگاتە مەرتەبەی کەرێکی تازە لەشارەوانی ئاکرێدا دامەزراو!))

وتم:(( باشە ئەو پۆستەی بەڵێنیان پێداوی و لەئاستی پۆستی کاربەدەستدایە چییە؟!))

وتی:(( شارەوانی ئاکرێ بەڵێنی پێداوم دە کەرم بۆ دامەزرێنێ هەر کەرەو بە 225 هەزار، کە کۆی مانگانەیان دەکاتە 2 ملیۆن و چارەکێک. خۆشم مانگی بە 150 هەزار دەبمە کەرەوان، کە دەکاتە (کەربەدەست) و ئەوە کردی 2 ملیۆن و 400 هەزار لەمانگێکدا.! ئیدی بۆچی نوژداری بکەم، خۆ خوا کەری نەکردووم؟! کەرەکانی من بەکەم سەیر مەکە ها.! ئەوان، کە ئێستا سەرقاڵی ئەوەن بەڵگەنامەکانیان پێشکەش بەشارەوانی ئاکرێ بکەن؛ هەر هەموویان ناوو [پێرسن نەمبەر]یان هەیە.! هەرە لاژگەکەیان بەناوی [کەرە کوڵەی کەرگەل بەگورگدەر]ەوە خۆی بەشارەوانی ئاکرێ ناساندووە.. ئەگەر [کەرە لۆتی مەنووچەر] لەژیاندا بمایە بەدەمڕاستیان دامدەمەزراند. بەڵام بەداخەوە لەمێژە تەمەنی درێژی بۆ هەموولایەک بەجێهێشتووە!!))

وتم: (( دە وابڵێ جەناب.. ئێستا تێگەیشتم، کە پۆستی کەربەدەست لەئاکرێ یەکسانە بەپۆستی کاربەدەست لە سلێمانی و لەو بەغدایەشی، کە پایتەختە..! با وابێ جەناب، لافمان بەسەردا لێدە.. ئازایەتی خۆت و شەهادەکەت نییە؛ بەکەرەکانتەوە پیاوی و ماوی!! نەختێکیش بەزەییم بەخۆمدا دێتەوە.. خەڵک برادەری کاربەدەستیان هەیەو منیش برادەری کەربەدەست!!))

کۆبنهاون، 12.02.06